# بۆ چلەی مامۆستاو براو هاوڕێی شیرینم د. ئیحسان فوئاد

محەمەد نوری تۆفیق



کە خوشکی بەڕێزم خاتوو (شیرین. ک) لێپرسراوی ئەدەب و هونەر داوایلێکردم بۆ چلەی د. ئیحسان شتێک بنووسم و منیش بەڵێنم پێدا، هەرچەند هێنام و بردم سەبارەت بەو پیاوە راستگۆو بێگەردو روحسووکە کە خاوەنی چەند کتێبی ئەدەبی و وتارو شیعرو پەخشانە، لەناو ئەمانەدا نەمویست نوقمی دەریای ئەم پیاوە بم و لە مەلەکردندا بکەومە دوای هاوڕێ و دۆستەکانی مەلەوانانی لە من پێشتر... بۆیە بیرم لەو دوو دیدارە کردەوە، کە بەندە لەگەڵیدا پێش شەش، حەوت ساڵێک لەمەوبەر لە هەردوو گۆڤاری سلێمانی ژمارە (8–10)ی ساڵی (2000) ئەنجامم دابوو، کە بێگومانم لە ئێستادا ئەو دیدارە لای کەسانێکی زۆر نوێ ئەبێتەوە گەر دەقاودەقەکەی ئەو رۆژگارەیان بیرنەمابێت.. بۆیە وەک خۆی کە لەسەر داوای من وەڵامی چەند پرسیارێکی داومەتەوە، وا منیش بۆ چلەکەی بۆ جارێکی تر پێشکەشی دۆست و هاوڕێیان و خوێنەرانی ئەم هەفتەنامەیە ئەکەمەوە، لەبەشی یەکەمی دیدارەکەدا کە پەیوەندی بە ژیانی تایبەتی خۆیەوە هەیە، باس لە قۆناغەکانی خوێندنی خۆی ئەکات، ئەو پۆست و کارانەی کە دکتۆر لە ژیانی خۆیدا بینیونی، بۆیە تەنیا ئەم چەند پەڕاگرافەی بەسەر ئەکەمەوە.. خوالێخۆشبوو د. ئیحسان بەم چەند رستەیە بەشی یەکەمی ئەو دیدارە دەستپێئەکات: پێشەکی دەبێت زۆر سوپاسی هاوڕێم کاک حەمە نوری تۆفیق و گۆڤاری سلێمانی بکەم، چونکە من یەکێکم لەوانەی کە لەلایەن باسکردنی ژیان و دەوروبەری خۆمم زۆر فەرامۆشکردووە، ئەگەر زۆر هەوڵیشم لە تەکدا نەدرابێ، ئەوا هەرگیز نەتاقەت و نە بایەخم بەم چەشنە باسانە داوە، بەڵام ئەمجارەیان کە مامۆستا حەمە نوری بەم پێداگرتنەوەو بە دواچوونی ئەم کۆمەڵە پرسیارەی ئاڕاستە کردووم، ناچارم دەکات وەڵامی هەموو پرسیارەکانی بە

ئەوپەڕی راشکاوی و بێ شاردنەوەی هیچ لایەنێک بدەمەوە، چونکە بەلای رای ئێستای منەوە، ئەمە لەم تەمەنەی ئێمە کە هەڵکشاوە زۆری بە بەرەوە نەماوە، دەبێ بە پێویستییەکی سەرشان و ئەرکێکی کۆمەڵایەتیی و نەتەوەیی بەرامبەر بە نەتەوەو خاک، کە لەتەک راوبۆچوون و بیرەوەریی هەڤاڵەکانمدا چمکێکی مێژوویی بەسەرهات و رووداوەکان رووناک دەکاتەوە، کە بەشێکی ئاشکراو روونەو بەشێکی زۆر رۆشن نییە، لەبەرئەوە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەو بە ئاشکراکردنی ئەم لاپەڕانەی سەرەوەم و ژیانی تایبەتیمان بەشداریی دەکەین لە نووسینەوەی مێژووی نەتەوەو مێژووی ئەدەبیات و رووداوەکانی سەردەمی ژیانی زیاتر لە نیو سەدەی چڕوپڕ بە رووداوو کارەسات و بە هەڵچوون و دامرکاندنەوەو لایەنی روون و لایەنی تاریک ..لە بەشی دووەمی دیدارەکەدا کە بەم ناونیشانەو بە مانشێتێکی گەورە دابەزیوە ئەمجارەیان بەشیریات: ئوستاد بەشیر پێی وتم: ئەگەر لای من شەش مانگ دەوام بکەیت، لە (مەسکوە) چاکتر فێری ئەدەبیات و زمانی کوردی دەبیت .لە وەڵامی پرسیارێکی مندا کە لێمپرسی تۆو ئوستاد بەشیرو بەشیریات زەحمەتە لە یەکتر جیابکرێنەوە، د. ئیحسان وتی: با بگەڕێینەوە سەر باسەکەی خۆمان، باسی بەشیریات... باسی ئەو پیاوە نوورانی و رووحسووکە، لەبن نایە، وەکو دەڵێن (ئەم برنجە زۆر ئاو دەکێشێ) کە لەزانکۆی بەغدا خوێندکاربووم دەرفەتی ناسینی ئەو کەسایەتییە (سەیرو عەجیبەم) دەستکەوت، چونکە یەکەم: دووکانەکەی لەسەر شەقامی رەشید بوو لە حەیدەرخانەو لە نێو جەرگەی شاردابوو کە نزیکبوو لە ئوتێلە ئاشناکەمان (فندق الشمال الكبير) و ئوتێل زهور و ساحەی ئەمین نزیک بوو لە جادەی موتەنەبی کە مەڵبەندی کتێب و چاپەمەنی و چایخانەکانی بەغدا بوو، نزیکبوو لە مزگەوتی مامۆستای هەڵکەوتوو ئەدیبی بە بەهرەو رەسەنی کورد (عەلائەدینی سەجادی..)

دووەم: نزیکبوو لە مەیدان و (سوق الهرج) شوێنی خوردە فرۆشەکان لە چێشتخانەو چایخانەی) حەسەن عەجمی) و گازینۆی پارلەمان و چایخانەی بەلەدیە، کە ئەمانە هەموو شوێنی هاتوچۆی رۆژانەی ئێمە بوو ..

سێیەم: لە هەمووی گرنگتر، مەڵبەندی بەدەستکەوتنی رۆژنامەو کتێب و چاپەمەنی کوردی (کۆن و تازە) و مەڵبەندی بەیەکگەشتنی کەڵەنووسەرەکانی کوردو سیاسەتمەداران و یاساناسانی ئەو سەردەمە بوو، رەفیق حیلمی، سەجادی، رەفیق چالاک، عەبدولرەحمان نورجان، تۆفیق وردی، عەبدوڵڵا گۆران. لە خوێندکارەکانیشدا جەمال نەبەز، عزەت (د .عیزەدین)، عەلی تۆفیق، کەمال مستەفا، خالید خاڵ، خاڵس جەواد، مارف خەزنەدار) بەرلەوەی دەربکرێ و دەستبەسەر بکرێ لەلایەن ئوستادەوە)، جەمال خەزنەدار، فارقی مەلا مستەفا کە نازناوی (فەهمی) پێبەخشیبوو، هەروەها ئوستاد ئاشنایەتییەکی دێرینی هەبوو لەگەڵ سیاسەتمەداری عیراق (کامیل چادرچی) هەزار رەحمەت لە مەزاری چونکە لە هەموو مێژووی هاوچەرخی عیراقدا، دیموکراتیەکی راست و تێکۆشەرێکی بە هەڵوێستبوو، پەروەردەیەکی نازدارو رەسەنی وڵاتی میسیۆپۆتامیا بوو، جا ئێوە لە من دەپرسن کە بە(بەشیریست (ناسراون، منیش دەڵێم نەک هەروەک بەشیریست ناسراوم، بەڵکو شاگردێکی دێرینی ئەو پیاوە مەزنەم، لە مێژووی پەنجا ساڵەی ژیانمدا، شانازی بەوەوە دەکەم کە لەپاش 30 ساڵ لێکدانەوەو مشتومڕ توانیومە یەکەم لێکۆڵیاربم کە فەلسەفەی ئەو پیاوە گەورەم پێناسەکردووە، لە پێش مندا کەس نییە پێناسەیەکی وردی ئەو بۆچوون و فەلسەفەیەی ئوستادی رەحمەتی خستبێتە) بابی پێناسین و تەعریفەوە) بەختەوەرم کە لەم دەرفەتەدا لە جێی خۆیدا ئەم پێناسەیەم بۆ جاری دووەم دەخەمە بەردەم بەشیرستانی سەردەم بنکەکانی راگەیاندن و رۆژنامەو تەلەفزیۆن و گۆڤارەکانی هەرێم، بەتایبەتی ئەم گۆڤاری (سلێمانی)یە. بێینەوە سەر وەرامی پرسیارەکە– وەکو وتم من لە ساڵانی 1953–1960 دەرفەتی ناسینی ئوستادم دەستکەوت، چەند جارێ چوومەتە خزمەتی لە دووکانەکەی، بەر لە ماڵئاواییش سێ جار چەند رۆژێ پێش لە سەفەرەکەم بۆ یەکێتی سۆڤیەتی ئەوسا، سەردانیم کردووە.

یەکەم :سەردانی ئوستاد بەر لەسەفەر بەرلک، مانگی حوزەیرانی 1959 کە بۆ تاقیکردنەوە، چەند سەرچاوەو (کیتابێکم!) لێ وەرگرت، دووەمجار ئاگادارمکرد کە لە ماوەیەکی نزیکدا سەفەر دەکەم، ئەگەر ئیش و راسپاردەیەکی هەیە بەخۆشییەوە بۆی جێبەجێ دەکەم، ئوستاد کە ئەمەی بیست فەرمووی: –ئێ، ئەتۆ، بۆ چ وڵاتێک دەچی؟

گوتم: بۆ مۆسکۆ، بۆ یەکێتی شورەوی.

–ئێ بلێ( مەسکەوە)، جابۆچی دەچی

گوتم: بۆ خوێندنی ئەدەبیات و زمانی کوردی و وەرگرتنی شەهادەی دکتۆرا.

–ئەتۆ کەیفی خۆتە، بەڵام ئەگەر لەلای من شەش مانگ دەوام بکەی باشتر فێردەبی.

باوکم دەستێ رانکوچۆغەی بە ناونیشانی دوکانەکەی ئەو لە سلێمانییەوە بۆ ناردبووم، کە کردمەوەو ویستم لە بوخچەکەدا هەڵی بگرمەوە، هەرچەندم کرد بۆم رێکنەخرا، بۆیە ئوستاد لەدەستی وەرگرتم وەک خۆی لە بوخچەکەی دانایەوەو گوتی: ئێ دیارە گەنجی ئەم زەمانە زۆر بێ دەسەڵات و نەزانن.

حەوتەی مژدەبەر بەلای دکتۆر ئیحسانەوە

لە دکتۆر ئیحسانم پرسی:

*دکتۆر حەوتەی مژدەبەر کێن؟

گوتی: لەگەڵ ئەم هەموو خەریک بوون و کۆششەدا، من حەدم نییە بگەمە بەرزترین پایەی خەتی ئەو ئیمامە رۆحانییە! کە پایەی (حەوتەی مژدەبەرن) چونکە ئەم حەوت کەسە بەختەوەرە، ئەوانەن بەدرێژایی ساڵ سەدان جار لە خزمەتی ئەو پیاوە مەزنەدا بوون، گفتوگۆو دانیشتیان کردووە لە ساڵی (1945–1962) زۆرجار دەعوەتی کردوون بۆ ماڵی خۆیان و پاچەو سەروپێی دەرخواردیان داوە، میوانداریکردوون، بە تایبەتی لە یادەکانی جەژنی نەورۆزدا، ئەم بەختەوەرانەش ئەم سیاسەتمەدارانەن:

1–محەمەد تۆفیق وردی کە ئوستاد پێی دەگووت (وەردی، چونکە لەقەبەکەی بەدوو واو دەنووسی، بەر ڕەحمەتی خوا کەوتووە.

2–جەمال نەبەز: کە شریتێکی دووسەعاتی لەگەڵا تۆمارکردووە، ئەم شریتە ئێستا لە شاری (هامبورگ)ە ئەڵمانیا.

3–فوئاد کەمال: (مەبەستی لە دکتۆر کەمال فوئادی براگەورەیەتی) کە نووسین و دیدەنی زۆری لەگەڵدا کردووە.

4–کامیل ژیر :خاوەنی چەندەها نووسین و خاوەنی کیتابی (گەورە پیاوان) لەدوا وەسیەتی ئوستادا ئامادەدەبوو لەتەک د.محەمەد نووری و چەند کەسێکی دیکەدا ئەو هەلەی بۆ رەخساوە (29ی حوزەیرانی 1963.)

5–شەمسەدین موفتی: خەڵکی شاری هەولێرو ئێستا دانیشتووی هۆڵەندەیەو زۆرجار ئامادەی دانیشتنەکانی بووەو زۆر رێزی لە ئوستاد گرتووە لە ئەمستردام و لەندەن کۆڕی بۆ گرتووە.

6–عەلائەدینی سەجادی: نووسینی تایبەتی هەیە لە یادو چالاکی مامۆستادا هەمیشە لە مەجلیسە رەنگینەکەیدا ئامادەبووە یاریدەی داوە بەبێ دەنگییش باسیکردووە.

7–لە نێوان د.محەمەد نوری و د.عەلی تۆفیق و د.عیزەت (د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ) و عەبدولڕەحمان نورجان و محەمەد عەلی عەونی و مامۆستا قادر کەریمدا دابەشکراوەو هەریەکە لەم زاتانە) چەند–سەهمێکی) بەرکەوتووە ئەمانە ئەندامی یەدەکن و بە (مناوەبە (بەنۆرە، بەپێی نۆرەو بەپێی زنجیرە رووداوەکان و چالاکییەکان ئەو نازناوە واتە (حەوتەی مژدەبەر) دەدرێتێ و هەمووشیان حەزدەکەن ببنە (ئەندامی کارا) یان ئەندامی (بۆش) بەڵام ئەمە تەنیا دەسڵاَتی(کۆنگرەی نەتەوەیی بەشیرستان) بڕیاری لەسەردەدا، کە زۆر بەداخەوە لەبەر بارودۆخی ناهەمواری وڵات و پەرت و بڵاوەیی. ئەم ئەندامانە کە وەکو کوردستان خۆی بەشکراوە، هەریەکە لە کوچکەیەکی ئەم سەرزەمینەدان و ناتوانن بەئاسانی هەموویان بەیەکەوە کۆببنەوە، بە تایبەتی کە چەند کەسێکیان بەر ڕەحمەتی خوا کەوتوون،

ئاواتەخوازین کە تاماوین و گوڕمان تیاماوە دیدەم بەکۆنگرەیە مێژووییە گەشبێت و تیادا بەشداری بکەین، بڕیاری هەڵبژاردنی ئەندامی ژمارە حەوت بدەین کە لە خۆیدا کێشەیەکی ئاڵۆزە، چونکە هەر یەکەیان– خواهەقە– شایستەی ئەو پایە بەرزەیە، لە نێو ئەمانەدا بە نووسین بە کیتابێکی قەبەو گەورە لە شێوازێکی ڕۆمانێکی هونەریدا، یادی ئوستادی کردۆتەوەو کۆششی (عیزەت) لەم مەیدانەدا لە بەرچاوەو مایەی خۆشی قەدر زانینە، ئەگەر بە چاوی ئینساف و عەدالەتەوە حیسابی بۆ بکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەز ئەو دەستەڵاتەم نییەو مافی ڤیتۆشم نییە، دەنا (عیزەت)م دەخستە خانەی باڵای ئەندامانی (حەوت مژدەبەر)ەوە.
ئالێرەدا کۆتایی بەم دیدارە دەهێنم و لە جیاتی جارێک هەزارجار ڕەحمەت بۆ گیانی پاکی ئەو بولبولە ڕۆحسووک و پاک و بێگەردەی باخچەکانی ئەدەبی کوردی، دکتۆر ئیحسان فوئاد.